## هەرجارەی باسێک

# مەسەلەی کەرکوک و کەمپینی حوار متمدن!

**ئاسۆ حامدی**

مەسەلەی شاری کرکوک و چارەنووسی بۆ گەلی کورد مەسەلەیەکی چارەنووس سازە نەک هەتا هەتایە بەلکو تا کۆمەڵگایەکی مەدەنی و گەشەی شارستانی بە ئاستێ دەگات کە مەسەلەی سنوور و هەژموونی ناسیونالیستی دەبیتە مەسەلەیەکی لاوەکی، ئەمڕۆ تەنانەت چەپیش لە کوردستان دەبێ لایەنگری و گەڕانەوەی ئەم شارە بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان بێت، چونکە مەرکەزێکی ئابووری بەهێزی وواڵتە و دەکرێ شار ئارامتر و تەنانەت دانیشتوانی شار دەتوانن ئەمڕۆ باشتر بژین . ئەم یەکلابوونەوەش بە هەڵبژاردن و دەنگدانی دانیشتوانی شار باشترین هۆیە بۆ دەورانی ئەمڕۆ. ئەگەر ناسیونالیزمی کورد فرسەتی لەدەست نەدابایە ئیستا ئەم شارەش مەسەلەکەی جۆرێ تر بوو.ئەوکات بۆ هەموو میللەتانی شارەکە چاکتر بوو بە هەموو توێژەکانیانەوە تەنانەت بۆ عەرەبە هاوردەکان و 1000 هەزاریەکانیش خۆ یاسایەک لە شار دا دەبوو یان دەسەڵات و حوکمێ هەر دەبوو ئەگەرچی ئیستاش هەر کەمێ هەیە. بەلام ئەم کەمپینە بەرەی تورکمانی و بەرەی توافیق لە هەوا دەیقۆزێتەوەو هەر بۆ ڕای شەعبی چەپیش ناکۆکە. لە لایەک هەندێ داوای دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ و ڕفراندۆم دەکەن بۆ کوردستان و لە لایەکی تر ئیمزا بۆ کەمپینی لەم جۆرە دەکەن. ئایا ئەو ڕفراندۆمەی چەپ داوای دەکات پێیان وایە هەروا بەرەی تورکمانی و عەرەبە هاوردەکان و تورکیە و ئێران قەبووڵی دەکەن؟.
بەداخەوە تا ئیستا ختابی چەپ و ئەدەبیات و هەڵوێستەکانی لە سەر مەسەلە نەتەوەییەکان نا دروست و ناکاملە.ئەمەش زیانی زۆر بە خودی چەپ و بزوتنەوەکانی دەدا.

ئەوانەی باس لە چارەسەرێکی ئینسانی شار دەکەن جگە لە ڕق و کینە بە دەسەلاتی ناسیونالیزم ( بەتایبەتی پارتی و یەکێتی ) هیچی تر نین. بەڵام چارەنووسی گەل لە چارەنووسی دەسەلاتی ئەمڕۆ جیایە. با ئەم هاوڕێیانە مێژووی شاری ئەلزاس و لۆرین لە ئەدەبیاتی مارکسی بخوێننەوە کە چەندین شەڕ و کاولکاری لە نێوان گەلی ئەلمانیای و فەرەنساویەکان نایەوە. ئێستا بۆتە شارێکی ئاسایی و هەم ئەلمانیەکان و نەوەکانیان بۆ کار لەم شارە دەڕۆن و هەم فەرەنساویەکان بۆ شارەکانی سەرسنووری ئەلمانیا بۆ کار سنوور دەبڕن.چونکە دەورانەکانی ئەوکات لە بۆ هەمووان جیا بوو.
ئەمە بۆ هەموو شارەکانی سەرسنووری وواڵتانی ئەورووپایی وایە. یان شاریکی وەکو موستار لە نێوان مەزهەب و گەلانی جیاجیا لە کاتی هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی یۆگوسلاڤیای فدراڵی.

ئەم خوێندنەوە مرۆڤ دۆستانەی حوار متمدن و ئیمزاکەرانی بە داخەوە چەندین کەسانی چەپیشی تیایە، خویندنەوەیەکی نادروست و ناکاملە و
بۆ ئەمڕۆی ڕەوشی سیاسی شاری کەرکوک و فاکتەرەکانی خوێندنەوەیەکی نادروست و ئۆتۆپیایە. ئازادی نشتەجێ بوون و کۆچ و سەفەر سەرەتایی ترین مافی مرۆڤەکانە بەڵام بۆ ئەم وەزعەی شاری کەرکوک ناکرێ و قابیلی جێ بەجێ کردن نیە، چونکە پرۆسەکانی ئەم هەلومەرجەیان دروستکردووە ئاسایی و ڕۆتینی نەبوون.

ئایا ئەم خاڵانەی کە حوار متمدن باسی یان دەکات بۆ وەزعیەتی سیاسی ئیستای عێراق و ناوچەکە ئایا ئیمکانی جێ بە جی بوونی هەیە؟ ئایا ئەم تەرحە خزمەت بەکێ دەکات. ئایا دەتوانێ خزمەت بە خەڵکی

شاری کەرکوک بکات. ڕەنگە ئەم بۆجوونە لە ئەدەبیاتدا باشترین و چاکترین چارەسەر بێ! بەڵام واقع شتێکی ترە! .

بەڵام بەنموونە بۆ ئاوارەکانی شاری کەرکوک لە مەلعەبەکە یان ئەوانەی شاری کەرکوک ماڵ و خانوویان مسادەرە کراوەو بە دەیان شەهید و قوربانیان داوە، تەنانەت بۆ کرێکاریکی کارگەی نەوت کە لەسەر کار لابراوە و عەرەبێکیان هێناوەتە جێ ( کار و ماڵەکەی) یان بۆ جوتیارێکی خاوەن زەوی ( موڵکی باپیرانی) گوندەکانی نێوان دبس و مەخموور کە چەندین شەهید و قوربانی و زوڵم و زۆڵی دیووە هەر مانایەکی نیە بەڵکو بە پێچەوانەوەیە.

ئەگەر مەسەلەکان بە یاسایی و یەکلاکردنەوەی هەموو ئاڵوگۆڕەکان بە پرۆسەکانی یاسایی بێت ئەمە مەسەلەیەکی ترە.

بەڵام کوا ئەمڕۆ ئەو دەوڵەتە یاسایی یەی هەیە لە نێوان هاوتەبایی شیعە وکورد و سوونە دایە.

پێش ئەوەی باس لە گرفتەکانی ئەم شارە بکرێ دەبێ بزانین هۆیەکانی گرفتەکان و ڕەگەکانیان چین.

ئەگەر میللەتی کورد پێش مێژووی کۆن لەو ناوچەیە بووە یان نا یان ئەمە مەسەلەیەک نیە، بەڵام خۆ بۆ گەلانی تری ناوچەکە بەنموونە گەلی عەرەب ئەوە ڕوونە هیچ رەگێکی نەتەوەییان لەم ناوچەیە نیە و ئەوا لە نیمچە دورگەی عەرەب هاتوون و دوای هێرشی ئیسلامیەکان و دواتریش لە مێژووی هاوچەرخ دا تەنها ماڵە حدیدیەکان لە کەرکوک بوون و لەگەڵ چەند ماڵێکی تر.

خۆ گەلی تورک بۆ هەمووان ڕوونە نەک هەر لە کەرکوک و ناوچەکانی کوردستان نەبوون بەڵکو لە دۆڵی ئەنادۆلیش ڕەگی مێژووی کۆنیان نیە، بەڵکو لە مەنغۆلیاوە هاتوون. کلد و ئاشوریەکان مێژووی کۆنیان لە میزۆپۆتامیا کەس ناتوانێ نکولی لێ بکات. هەموو شتێ لە گۆڕان و پەرەسەندن دان ئەمە بۆ خودی نەتەوە و شار و هتد ڕاستەوانەیە.

ئەگەر بە ئەسلی هەموو مەسەلەکان بچینەوە ئەوا دەبێ هۆڵەندیەکان داوای لەندەن بکەنەوە. یان ئەلمانیەکانی سەر ڕووباری ڤۆلگا کە ستالین هەمووانی دەرکرد و کوشت دەبی نەوەکانیان بگەڕێنەوە بۆ ڕووسیا.

بەنموونە خۆ مێژووی شاری هەولێر ڕوونە و ئایا کورد بە بەرنامە تەکریدی کرد؟

پیش دۆزینەوەی نەوت کەرکوک وەکو هەولێر وابوو،بۆ هەولێریش خەڵکی گوندەکانی خۆشناوەتی و دەستی هەولیر دەهاتنە شارو بە تورکمانی قسەیان دەکرد و مەسەلەکە تا ساڵی حەفتاکان بە خەڵکی شاریان دەگوت شارستانی و ئەوانیتریش کە تازە هاتبوونە شار پێیان دەگوتن کرمانج.

شارستانەکانیش زۆربەیان بە تورکیەکی تێکەلاوی کوردی قسەیان دەکرد چونکە زۆربەی زۆریان کورد بوون.

لە شەستەکانیش لە زەمانی حەرەس قەومیەکان تورکمانەکان هەندێکیان لەگەڵ ناسیونالیستە شوفینیە عەرەبەکان دژایەتیەکی زۆری میللەتی کوردیان دەکرد بەڵام دوایی چونکە مەسەلەی چەندایەتی میللەتی کورد بە راورد نەدەکرا بە تورکمانەکانی شار، خۆ ئەوکات حزبی بەعس تەکریدی شاری هەولێری لە بەرنامەدا نەبوو و نەدەکرد یان ئەی بۆ هەولێر نە بووە مەسەلەیەک بۆ وولاتانی ئەقلیم.

مەسەلەی شاری هەولیر پرۆسەیەکی ڕۆتینی ئاڵوگۆڕی چەندایەتی میللەتان بوو، بەڵام لە کەرکوک مەسەلەیەکی قەهر و بەرنامە ریز ی شۆفینزمی عەرەبی بوو، لەلایەکی تر دەولەتی تورکیا بە ئاشکرا دژایەتی میللەتی کورد دەکات بە هەموو توانای سەربازی و سیاسی و دیپلۆماسی هتد. خۆ ئێرانیش و

تەنانەت سوپای مەهدی گەرایشی شیعە لە شاردا دەپاریزن و بە دەیان جار  تورکمان و عەرەبەکان کورد بە م هێزانە دەتۆقێنن.

ئەمە مەسەلەیەی شاری کەرکوک  لە واقعیەتی خۆیدا مەسەلەیەکی ئابووری و نفوزی ئەقلیمیە یە بۆ هەموو گەلانی ناوچەکە بە  کورد و عەرەب و تورک هتد.
گرنگترین شتێ کە دەبێ دژایەتی بکەین شەڕی گەلان و مەزهەبە جیاجیاکانی نێو شاری کەرکوکە. ئەگینا دەسەڵات هەردەبێ لە دەست زۆرینەی گەلی شاردابی بە گوێرەی سیستەمی دەنگدان و دیموکراسی و مۆدێلەکەی ئەمڕۆ.
ئەمریکا و بەریتانیا بە چاوێکیتر سەیری کەرکوک و یاساکانی نەوت دەکەن. کەرکوک لە نەزەری وان وەکو بروکسل وایە و ئەقلیمێکی سەربەخۆیە. پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا و لیوا ی پۆلیس و هتد هەموویان کوردن و بەسیستەمی دەنگدان و پالاوتنی حزبی پارتی و یەکیتی بوونەتە دەسەلات و حاکمی شار بەڵام لەبەرامبەر ئەمریکا هەر شکلین و هیچ دەسەڵاتیکی یان نیە. لە یاسای نەوتیش دا ئەمریکا ڕێگا نادا زۆرینەی بەرهەمەکانی نەوت لە دەست کورد یان شیعە یان سوونە دا بێت.
لە لایەکی تر دژایەتی ناسیونالیستی عەرەبی و دەوڵەتانی ئەقلیم هێندەی تر مەسەلەی کەرکوکی ئاڵۆز کردووە.
هەمووان دەزانن زۆرینەی دانیشتوانی شاری کەرکوک لە مێژووی هاوچەرخ دا زۆربەیان کوردن (سنووری پاریزگای کەرکوک). ئەمە جگە لە موقعیەتی جوگرافیایی و مێژووی. ئایا ئەمە بە کورد کردنی شارە.
خەڵکی شاری کەرکوک قوربانی سیاسەتەکانی ئەمریکا و غەرب و دەولەتانی ناوچەکەن بە قەدەر جێ بەجێ کردنی ماددەی 140.
ماددەی 140 لە دەستووری عێراقی هەرچەندە لە دوا هەنگاوی دا کۆنەپەرست بێ بەڵام دەیەوێ بە ئاشتیانە ئەم مەسەلەیە لە ڕۆژگارێکی خوێناوی دا چارەسەر بکات. ئەم کارە بۆ ئەمڕۆ باشترە لە کەمپێنێکی دژی و ڕازاندنەوەی ئۆتۆپیایەک بە نەزەریکی ئینساندۆستانە.

پیکهاتەی ئەم شارە و پێکهاتەکەی کۆمەڵایەتی بۆ هەمووان ڕوونە، سیاسەتی تعریب و شۆفینزمی وای لە گۆڕینی دیموگرافی ئەم شارە کردووە مەسەلەی  کێشە نەتەوەییەکانی گەشە پێدا. داگیرکردنی عێراق لە لایەن عوسمانیەکان و هاتنی کوردەکان بۆ کارو پێشە و شار وەک مەڵبەندی ئابووریی نفوزی نەتەوە جیاجیاکانی لە گەشە پێدا.
تەنها وجودی نەوت ئەم شارەی کردە مەسەلەیەکی جیا لە شاران. ئەگینا شارەکانی تری کوردستان هەموویان هەر یەکێ بە جۆرێ دروست بوون و گەشەیان کردووە.
لە هەمووی سەیرتر مالکی خۆی لە ماددەی 140 دەدزێتەوە و سیاسەتمەدارە ناسیونالیستە کوردەکان مزایەدەی پێوەدەکەن و پانئیسلامیزم بە تیرۆر و هێرش ژیانی هەموو شاری کردۆتە دۆزەخ و چەپەکان کەمپینی جێ بەجی نەکردنی ماددەی 140 دەکەن و تورکیا ئامادەباشی سەربازی بۆ لەسەر سنوورەکان داناوەو کۆنگرەی کەرکوک بۆ بەرەی تورکمانی لە ئەستەمبوڵ دەبەستێ و سوپای مەهدی دێنە نێو شار و دەیان و سەدان تەحەرکاتی تر. لەلایەکی تر ئازارەکانی ئاوارەکانی شاری کەرکوک و بێ خزمەتگوزاری شارو ئەم کەش و هەوایەی کوشتن و برین لە لایەن تیرۆریستان هێندەی تر ڕەزالەتیەکان قووڵ دەکەنەوە. لەم نێوەدا سەرانی ناسیونالیزمی کورد زۆر سەلیمانە کار دەکات کە خۆی لە شەڕی تایفی دەپارێزێ سەرەرای هەموو کوشتن و بڕینەی بە کورد دەکرێ. ئەمە بۆ شەقامی ناسیونالیزمی کورد زوعفێکی گەورەیە.

که دەبوا چەپەکان ڕووو لەم لایەنە بکەن و شەڕی تایفی و میللەتان لە کەرکوک و موسڵ محکوم بکەن وەکو باقی ناوچەکانی عێراق. ئەگەرچی موسل یش وەزعێکی تایبەتی هەیە. ڕەنگە باشترین چارە بۆ ئەم وەزعانە بوونی دەوڵەتی یاسایە لە وولاتدا . ئەو کات ئازادی کۆچ و سەفەر و نیشتەجی بوون لە مەجالی یاسادا یەکلا دەکرێتەوە. هەر کەس بیەوێ لە شوێنێ بژی یان کار بکات دەبێ یاسا ڕێگای بدات و مافەکانی بپاریزی، لەلایەکی تر ئەگەر یاسا ڕێگای نەدا ئەوا دەبێ بە غەیرە یاسایی و دەبێ بڕوا یان بە غەیرە یاسایی ژیان بەسەر دەبات. لە شارێکی وەکو ئەمستردام دا هەر خوا دەزانی چەند میللەت و ڕەنگ و مەزهەب و ..هتد هەیە. لە هەمان کات لەگەڵ بوونی یاساکانی کۆچ و سەفەر و نیشتەجێ بوون بە هەزاران غەیرە یاسایی تیادا دەژین و شارێکی تارڕادەیەک ئارام و بەرهەمهێنەر و شوێنی خۆشگوزەرانە، پێم وانیە هەموو شارە ئەوروپایی و ئەمریکایی یە گەورەکا ن وەزعیان جیابێ.
ئەم هەوایەی کۆپنهاگن سەری حوار متمدنی مەستکردووە. هۆلەندایيەکان دەلێن سێو و هەرمێ بە یەکەوە بەراورد ناکرێن.

ئاسۆ حامدی
2007 هۆلەند